**Vision Foundation**
**for Strategic Studies**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# حەواڵە و سیستەمەکانی گواستنەوەی دراوی نافەرمی:

## کاریگەری یاسایی و ئاسایشی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق


**توێژەران:**

سالار حەمید

بەناز ستار


**٢٠٢٦**


Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

**جۆری بڵاوکراوە:**
توێژینەوەی زانستی

**بابەت:**
ئابووری

**توێژەر:**
سالار حەمید
بەناز ستار

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە بریتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەرێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی:**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# حەواڵە و سیستەمەکانی گواستنەوەی دراوی نا فەرمی:
# کاریگەری یاسایی و ئاسایشی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق

## پوختە:


ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ سیستەمی حەواڵە دەکات وەک یەکێک لە کۆنترین ئامرازە نافەرمییەکانی گواستنەوەی دراو، تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندە ڕێکخراوەیی و ئەمنییەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. سەرەڕای خێرایی و کەمی تێچووی و پشتبەستنی بە متمانەی نافەرمی، بەڵام مەترسییەکانی وەک سپیکردنەوەی دراو، گواستنەوەی دراو بۆ گروپە تیرۆریستەکان، خۆدزینەوە لە باج و نەبوونی شەفافیەت لە خۆدەگرێت.

توێژینەوەکە دەریخستووە کە حەواڵە وەک فۆرمێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی دراو بەکاردەهێنرێت، سەرەڕای ئەوەی پشکەکەی لە ٧٠% لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٦٠% لە ساڵی ٢٠٢٥دابەزیووە، پشکی کەرتی بانکی لە ٣٠% بۆ ٤٠% بەرزبووەتەوە بەهۆی نوێکارییەکانی ڕێکخستن و یاسای توندتر.

توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازێکی مەیدانی بەستووە کە پەنجا بەشداربووی لە خۆگرتووە، لەنێویاندا (ناوەندەکانی گواستنەوەی دراو، دەزگا فەرمییەکانی گواستنەوەی و ڕێکخەری دراو، پسپۆڕانی دارایی و بەکارهێنەرانی گواستنەوەی لە ڕێگەی حەواڵەوە).

بەشداربووان قبوڵکردنی بەرفراوانیان بۆ حەواڵە دەربڕی بەهۆی سوودەکانییەوە، لە هەمان کاتدا تیشکیان خستە سەر نیگەرانییەکانی پەیوەست بە لاوازی چاودێری و نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون. لە ئەنجامدا پێشنیاری ڕێکخستنی حەواڵەیان کردووە لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا کە مۆڵەتدان و چاودێریکردن لە خۆدەگرێت، لە هەمان کاتدا بەرەوپێشبردنی چارەسەرە دیجیتاڵییەکان و کەمکردنەوەی سنووردارکردنی بانکی. بۆیە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە هەڵوەشاندنەوەی حەواڵە نییە، بەڵکو ڕێکخستنی بە شێوەیەک کە شەفافیەت و ئاسایش و متمانە لە نێوان بەکارهێنەرانی حەواڵە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرز بکاتەوە.


## پێشەکی:

حەواڵە سیستەمێکی دارایی نافەرمییە و یەکێکە لە سیستەمە داراییە کۆنەکان و بەشێوەیەکی بەرفراوان پەسەندکراوە. لە ژینگەیەکدا بەکاردەهێنرێت کە پێکهاتەیەکی بانکی یەکگرتوویان نییە. هۆکارە سەرەکییەکانی پشتبەستن بە سیستەمەی حەواڵە بریتییە لە: تێچووی کەم بۆ بەکارهێنەران، خێرایی لە میکانیزمی دراودان و پاراستنی نهێنی کەسی. سەرەڕای ئەم خزمەتگوزاریانەی لەلایەن سیستەمی حەواڵەوە پێشکەشدەکرێت، لە هەمان کاتدا هەڵگری چەند مەترسییەکی ئەمنییە، بەتایبەتی کە لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا دامەزراوە داراییە فەرمییەکان گەشەیان نەکردووە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی کارکردن و دەستنیشانکردنی مەترسییەکان و هەڵسەنگاندنی سیستەمی حەواڵە، هەروەها خستنەڕووی پێشنیاز بۆ چارەسەر.

هەرچەندە حەواڵە لە مێژە ئامرازێکی گرنگی گواستنەوەی دراو و سامانی رەوەندی دەرەوەی وڵات بووە، بەڵام بەهۆی ئەگەری خراپ بەکارهێنانی بۆ چالاکییە نایاساییەکان، بەتایبەتی دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلول، بۆتەهۆی زیادبوونی نیگەرانییە جیهانییەکان. وەک میکانیزمێکی نافەرمی بۆ گواستنەوەی دراو لە سنوورەکانەوە، حەواڵە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت لەو وڵاتانەی کە دامەزراوەی دارایی فەرمییان نییە (شارما، ٢٠٠٦). بەکارهێنانی سیستەمی حەواڵە لە زۆربەی وڵاتانی باشووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەرانی زۆری لێکەوتۆتەوە بە هۆکاری خراپ بەکارهێنانی بۆ چالاکییە نایاساییەکان، بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی جیهان (El Qorchi et al., 2003). خەمڵاندنەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە کەناڵەکانی حەواڵەکردنی نافەرمی، لە نێوان ٣٥% و ٧٥%ی کۆی گشتی ڕۆیشتنی دراو و سامان لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا پێکدەهێنن (Freund & Spatafora, 2005). لە وڵاتی سۆماڵدا حەواڵە بە جۆرێک کاریگەری خۆی هەبووە کە توانیویەتی سیستەمی ئابووری وڵاتەکە کە لە سەردەمێکدا پەراوێزخراو بوو، لە ئێستادا ببەستێتەوە بە سیستەمی دارایی جیهان (لیندلی، ٢٠٠٩).

## هێڵکاری ژمارە ١

گواستنەوەی حەواڵە بەرامبەر سیستەمی فەرمی بانکی لە هەرێمی کوردستان (٢٠١٥-٢٠٢٥)





داتاکان لە ساڵی ٢٠١٥ەوە (وێنەی ١) ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی روون لە شێوازی گواستنەوەی دراو دەکەن، کە پشکی حەواڵە وردە وردە لە نزیکەی ٧٠% بۆ ٦٠% تا ساڵی ٢٠٢٥ دابەزیوە، لەکاتێکدا پشکی کەناڵە بانکییە فەرمییەکان لە ٣٠% بۆ ٤٠% بەرزبووەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە رەنگدانەوەی گۆڕانکارییە بەرەو بەکارهێنانی کەناڵە فەرمییەکان، رەوتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ باشتربوونی ئەدای بانکەکان، زیادبوونی متمانەی گشتی بە سیستەمی بانکی و توندکردنەوەی چاودێری حکومەت بۆ حەواڵە وەک سیستەمێکی نافەرمی و زۆرجار رێکنەخراو.

سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانەش، سیستەمی حەواڵەکردنی نافەرمی، لەوانەش خزمەتگوزارییەکانی حەواڵە و گواستنەوەی ئۆنلاین وەکو سیستەمی پەیپاڵ، گرنگی جیهانی خۆیان دەپارێزن بەهۆی کەمی تێچوون و دەستڕاگەیشتنیان پێی بە خێرایی (Chang-Ryung Han & Ireland, 2013). ئەم سیستەمانە رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە حەواڵەکردنی دراو بەتایبەت لەلایەن خەڵکانی تاراوگەوە کە زۆرجار کارەکتەری سەرەکین لەنێو بازاڕەکەدا، بەتایبەتی لە نێو کۆمەڵگەی رەوەند لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکای باکووردا ئەوانەی کە بە رەچەڵەک خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقان (Ecubay & Kilimvi, 2023).

حەواڵە بەردەوامە لە راکێشانی بەکارهێنەران بەهۆی شێوازە نهێنییەکەی و سیستەمی حەواڵەکردنی کە لەڕووی کلتوورییەوە گونجاوە و هەروەها خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرجار بانکە تەقلیدییەکان دەستیان پێناگات (عبدال، ٢٠١٧). بەڵام سروشتی نافەرمییەکەی وا دەکات بە شێوەیەکی خراپ دەربکەوێت، ئەمەش نیگەرانییەکان لەبارەی بەکارهێنانی بۆ چالاکییە نایاساییەکانی وەک سپیکردنەوەی دراو و گواستنەوەی دراو بۆ گرووپی تیرۆریستی دەهێنێتە ئاراوە (Cook & Smith, 2011; Chang-Ryung Han & Ireland, 2013). بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی هەیە کە هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی تایبەتمەندی بەکاربەران لەگەڵ دڵنیابوون لە بەردەوامیی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە داراییە سەرەتاییەکان بپارێزێت (Ecubay & Kilimvi, 2023; Abdul, 2017).

## هێڵکاری ژمارە ٢

پرۆسەی گواستنەوەی دراوی نافەرمی لە ڕێگەی سیستەمی حەواڵە




کەسێک لە وڵاتی "A" سەردانی فەرمانگەی گواستنەوەی دراوی ناوخۆیی دەکات و ئەو بڕە دراوەی کە دەیەوێت بیگوازێتەوە رادەستی دەکات، وەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا دیارە. پاشان فەرمانگەکە کۆدێکی نهێنیان بۆ دابین دەکات بۆ تەواوکردنی گواستنەوەکە. ئەم کۆدە و زانیارییە پێویستەکان لە ڕێگەی تەلەفۆن، ئیمەیڵ یان بەرنامەیەکی دیجیتاڵی لە نووسینگەی گواستنەوە لە وڵاتی "A" بۆ فەرمانگەی گواستنەوە لە وڵاتی "B" دەنێردرێت. لە وڵاتی "B" ئەندامانی خێزانی کەسەکە سەردانی فەرمانگەی گواستنەوەی دراوی ناوخۆیی دەکەن و کۆدی نهێنی بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی دراوەکە.

## ٢. چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخراوەیی

### ٢.١ سیستەمی دارایی فەرمی بەرامبەر بە نافەرمی

سیستەمی دارایی فەرمی و نافەرمی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا زۆرجار تەواوکەری یەکترن و کەلێنەکان پڕدەکەنەوە. سیستەمی دارایی نافەرمی کە لەسەر بنەمای متمانە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کلتوورییەکان بنیادنراوە، هەندێکجار لە دامەزراوە فەرمییەکان توانای پشتگیریکردنی کارگەی بچووک و مامناوەندەکان هەروەها کۆمەڵگە گوندنشینەکانیان هەیە. ئەمەش بەهۆی توانای ئەوانەوەیە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە ئاستەنگەکانی وەک ناهاوسەنگی زانیاری و کێشەکانی گەڕاندنەوەی بڕە دراوی وەرگیراو ( Mauri, 2000; Abdelzaher, 2019; Ji, 2009). دیارترین ئەکتەرەکان لەم سیستەمە نافەرمیانەدا بریتین لە قەرزدەرەکان کە قەرزی سوودی بەرز پێشکەشدەکەن، ئەو قەرزدەرانەی کە پشت بە سەروەت و سامان دەبەستن وەکو بارمتە بۆ پێدانی بڕی قەرزەکە، هەروەها ئەو هاوبەشانەی کە پاشەکەوتەکانیان کۆدەکەنەوە و لە نێوان خۆیاندا دراوەکە بە شێوەی قەرز لە چوارچێوەی هاوکاری و لەسەر بنەمای متمانە بۆ یەکتر دابیندەکەن. بەڵام سیستەمی دارایی فەرمی کەوتۆتە ژێر چوارچێوەی یاسایی دامەزراوەییەوە کە چاودێری و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی بەکاربەر لە ڕێگەی مۆڵەتدان، شەفافیەت و پابەندبوون بە ڕێساکانەوە مسۆگەر دەکات، لەوانەش یاساکانی دژە سپیکردنەوەی دراو (AML) و بەرەنگاربوونەوەی دارایی تیرۆر (CTF). لە بەرامبەردا، سیستەمی نافەرمی وەک حەواڵە زۆرجار لە دەرەوەی ڕێکخستنی فەرمی کاردەکەن، بە پلەی یەکەم پشت بە متمانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن، تاڕادەیەکی کەم پشت بە نووسراوی سەر کاغەز یان بەڵگەنامە فەرمییەکان دەبەستن. ئەوان لەسەر بنەمای ناوبانگ و پابەندبوونی ئەخلاقی نێوان لایەنەکان دامەزراوە نەک گرێبەستی نووسراو یان چاودێری دامەزراوەیی.

ئەم سیستەمانە خزمەتگوزاری گونجاویی، ئاسانی و خێرایی پێشکەشدەکەن لە تەواوکردنی مامەڵەکان بە تێچووی کەم، بەڵام بەدەست نەبوونی شەفافیەتەوە دەناڵێنن. لە ناوچە کەم خزمەتگوزارییەکان، سیستەمی نافەرمی ئەو بۆشاییانە پڕدەکاتەوە کە کەرتە فەرمییەکان بەجێیان هێشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە نزیکەوە چاودێری ناکرێت، مەترسییەکانی پەیوەست بە چالاکییە نایاساییەکان دروستدەکەن (Mauri, 2000).

## خشتەی ژمارە ١

جیاوازی نێوان سیستەمی دراودانی فەرمی و حەواڵە

| پێوەر | سیستەمی دارایی فەرمی | سیستەمی دارایی نافەرمی |
|---|---|---|
| ڕێکخستن و چاودێری | مۆڵەتپێدراون، سەرپەرشتیکردن و پابەندبوون بە ڕێساکانی دژە سپیکردنەوەی دراو و بەرەنگاربوونەوەی گواستنەوەی دراو بۆ چالاکی تیرۆریستی (AML/CTF). | سیستەمی دارایی نافەرمی (حەواڵە) بە تەواوی ڕێکنەخراوە و پشت بە متمانەی بەکاربەران دەبەستێت؛ ٢١ بەشداربووی ڕاپرسییەکە پشتگیری لە چاودێری تەواو دەکەن، ١٤ بەشداربوو پشتگیری لە هەندێک چاودێری دەکەن و ١١ بەشداربوو هاوڕانین لەگەڵ چاودێریکردنی سیستەمەکە. |
| شەفافیەت | ئاستێکی بەرز لەڕووی (تۆمارکردن و ڕاپۆرتەوە) | ٢٢ بەشداربوو پێشنیاری پەسەندکردنی بەستانداردەکانی دیجیتاڵییان کرد بۆ زیاتر شەفافیەتی سیستەمەکە. |
| نرخی گواستنەوە و خێرایی | کرێی زیاتر و ڕێکارەکان خاوترن | کرێی کەم، گواستنەوەی خێراتر؛ ٣٦ بەشداربوو باسیان لە خێرایی کردووە، ١٧ بەشداربوو باسیان لە کەمبوونەوەی تێچوون کردووە. |
| ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن | سنووردارکراو لە ناوچە گوندنشینەکان یان کەم خزمەتکراوەکان | ٢٦ بەشداربوو پێیان وایە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەستە سیستەمەکە، تەنانەت بەبێ بانکیش؛ ئاسانکاری دیجیتاڵی بۆ حەواڵەکردن لە ڕێگەی بەرنامە مۆدێرنەکانەوە ئێستا بەردەستە |
| ئاستی مەترسی | ئاستەنگی نزم، بەڵام بیرۆکراتییەکی زۆر لە سیستەمەکەدا بوونیان هەیە | مەترسی بەرزە، بۆ سپیکردنەوەی دراو (٢٣ کەس هاوڕان)، خۆدزینەوە لە باج (١٦ کەس)، بەڕێوەبردنی گروپی نافەرمی (٨ کەس)، زیانی ئابووری ( ٧ کەس ). |
| نموونەکان | بانکەکان، دامەزراوە داراییە بچووکەکان | حەواڵە، قەرزدەرەکان |
| زانیاری بەکارهێنەر | - | لە کۆی ٥٠ بەشداربوو، ٢٣ بەشداربوو زانیاری بەرزیان نیشانداوە دەربارەی سیستەمەکە، ١٧ کەس زانیاری مامناوەند، ٧ کەس زانیاری کەم و ٣ کەس زانیاری زۆر سنوورداربیان هەبووە. |

| پێوەر | سیستەمی دارایی فەرمی | سیستەمی دارایی نافەرمی |
| --- | --- | --- |
| هۆکاری سەرەکی بەکارهێنان | - | هۆکارەکانی بەکارهێنانی سیستەمی دارایی نافەرمی: خێرایی (٣٦ کەس)، کەمی کرێ و تێچوون (١٧ کەس)، نەبوونی متمانە بە بانکە فەرمییەکان (١٧ کەس)، متمانەی کەسی (١٥ کەس) و هۆکاری دیکەی وەک تایبەتمەندی و ئاسانکاری دەستڕاگەیشتن (٥ کەس). |
| تێڕوانینەکان لەسەر یەکگرتن و ڕێکخستن | - | پشتگیریکردن لە یەکخستنی حەواڵە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی فەرمیدا: ٤٦ بەشداربوو پشتگیریان لەم یەکگرتنە کرد، بەم پێشنیارانەی خوارەوە: چاودێری ڕاستەوخۆ لەلایەن بانکی ناوەندی (١٨ کەس)، ستانداردەکانی شەفافیەتی دیجیتاڵی (٢٢ کەس) و بە یاسایی کردنی ئۆفیس و ستافەکانیان (٤ کەس). |
| ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی حکومەت | - | ڕۆڵی حکومەت: ١٦ بەشداربوو ڕۆڵەکەیان بە کەم زانیوە، ١٣ بەشداربوو ڕۆڵەکەیان بە تاڕادەیەک ئامادەبوو زانیوە، ١١ بەشداربوو ڕۆڵەکەیان بە ئامادەنەبوو زانیوە. لایەنە بەرپرسیارەکان بریتین لە بانکی ناوەندی (٢٥ کەس)، وەزارەتی دارایی (١٢ کەس)، دامەزراوەی حەواڵە (١٠ کەس) و زانکۆ یان ناوەندەکانی توێژینەوە (٢ کەس). |
| کاریگەری ئابووری | - | کاریگەری ئابووری: ٢١ بەشداربوو کاریگەرییەکەیان بە گرنگزانی، ١٠ بەشداربوو بە مامناوەندیان زانی و ٩ بەشداربوو بە هیچیان نەزانی. سەبارەت بە پشتگیریکردن بۆ بزنسە بچووکەکان، ٢٨ بەشداربوو هاوڕابوون لەگەڵ بوونی، لە کاتێکدا ١٢ بەشداربوو ڕەتیانکردەوە. |
| پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی سیستەم | - | پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی سیستەمەکە: دەرکردنی یاسایەک لەسەر حەواڵە (٣٦ کەس)، پێدانی مافی یاسایی و فەرمی (١٧ کەس)، بەهێزکردنی چاودێری ئەمنی (١٥ کەس)، بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی (١٤ کەس)، دامەزراندن یان ڕاهێنانی کارمەند (٩ کەس) و دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری نیشتمانی (١٠ کەس). |

## ٢.٢ چوارچێوەی ڕێکخستنی

یاسای ژمارە ٣٩ی ساڵی ٢٠١٥ و ڕێکارەکانی چاودێری دوو ئامرازی سەرەکی پێکدەهێنن کە بانکی ناوەندی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی دراو بەکاریدەهێنن. بەڵام ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی شەفافیەت جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەم یاسایانە قورس دەکات (الروبەیعی، ٢٠٢٤؛ عەبدوڵڵا، ٢٠٢٥). چونکە ئەگەری مەترسیدار هەیە بۆ خراپ بەکارهێنانی سیستەمی دارایی نافەرمی، وەک حەواڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا کە تەحەدای بەرچاو دروست دەکات (El Qorchi et al., 2003). لە عێراقدا یاسای حەواڵە لە رادەبەدەر سەرەتاییە و تەنانەت سوود لە هیچ مۆڵەتێکی پیشەیی یان چاودێری لە هەرێمی کوردستاندا نابینێت (پاتاک، ٢٠٠٣). ئەم نەبوونی ڕێکخستنە، جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکان بە ئامانجی ڕێگریکردن لە چالاکییە نایاساییەکان و پابەندبوون بە یاساکانی پەیوەست بە سپیکردنەوەی دراو و گواستنەوەی دراو بۆ چالاکییە تیرۆرییەکان قورس دەکات، هەروەها مەترسی کەمی لە شەفافیەت و ناڕوونی یاسایی زیاد دەکات. بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم چاودێری حەواڵەدا، ڕێبازی لامەرکەزی سیستەمەکەیە لە بەرامبەر چاودێری حکومەتدا و زیاتر لەسەر بنەمای متمانەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت. هەروەها پارچەپارچەبوونی سیاسی، پرسە ئەمنییەکان و سنووردارکردنی توانای دامەزراوەیی بارگرانییەکی زیاتر بۆ هەر سیاسەتێک زیاد دەکەن کە ئامانج لێی ڕێکخستنی سیستەمەکە بێت. ئێهریچ ٢٠١٠، عەبدوڵڵا ٢٠٢٥ و پاتاک٢٠٠٣ پێشنیاری پەرەپێدان و دامەزراندنی بەدیلێکی نوێ دەکەن کە تێیدا لەسەر بنەمای کلتووریی و کۆمەڵایەتی بێت بەڵام ڕەچاوی هەندێک لە نیگەرانییەکانی حکومەت بگیرێت، ئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێساکانی یەکخستنی ڕاپۆرتکردن، باشترکردنی میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوە و بەهێزکردنی ڕێکارەکانی هەماهەنگی نێودەوڵەتی.

## ٢.٣ دیدگای یاسایی نێودەوڵەتی و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێکخەران

ژمارەیەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، لەوانە ئەوانەی پێداچوونەوە بە وردەکارییەکانی سیستەمی دارایی نافەرمی وەک حەواڵە دەکەن، ڕێوشوێن و ڕێنماییان پێشکەشکردووە کە دەتوانن یارمەتیدەربن لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەیوەست بە ڕۆیشتنی دارایی نایاسایی. لە نێو ئەم چوارچێوانەدا، کۆمەڵەی کردارە داراییەکان (FATF) کاریگەرترینە، بەو پێیەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی و گواستنەوەی دراوە، دژ بە چالاکی تیرۆریستی و هەڕەشەکانی دیکەیە لەسەر یەکپارچەیی سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی (Al Rubaie, 2024; Abdullah, 2025). لەگەڵ ڕچڕبوونەوەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی و گواستنەوەی دراو بەرامبەر بە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان، بە دەرئەنجام سیستەمی حەواڵەکردنی نافەرمی وەک حەواڵە زیاتر دەچێتە ژێر پرسیارەوە.

چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی ئەم سیستەمە نافەرمییانە قورسن، چونکە ئەم سیستەمانە پشت بە بیروباوەڕە کلتوورییە قووڵەکان و زۆرجار پەیوەندییە سنووربەزێنە بێناوەکان دەبەستن. هەرچەندە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی گشتگیری جیهانی بەهۆی جیاوازی بارودۆخی یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری وڵاتاندا کارێکی قورسە، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەبدرێت ئەم سیستەمە لە هەندێک دەسەڵاتی دادوەریدا بە نایاسایی هەژماردەکرێت، ئەمەش وایکردووە ڕێکخستنی پرسێکی ئاڵۆزبێت لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە. لە وڵاتانی دیکەدا، یاسا زۆر توندەکان ڕەنگە پاڵ بەو پراکتیزەیە بنێن و ئەمەش ڕێکخستنەکان قورستر دەکات. هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی سیستەمەکە بەبێ تێکدانی توانای خزمەتکردنی وەک بەدیلێکی بژاردەیی بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە ڕێبازی پراگماتیکی دەبێت، وەک مۆڵەتدان یان تۆمارکردنی ناوەندە داراییەکان (حەواڵەدارەکان). بە شێوەیەکی نافەرمی، ڕێکخستن ناتوانێت خواست لەسەر حەواڵە کەم بکاتەوە. هۆکارە گرنگەکان بۆ بەردەوامی بەکارهێنانی حەواڵە بریتین لە تێچووی ئەنجامدانی کاروبار لە کەرتی دارایی فەرمی، دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە داراییەکان و کارایی بیرۆکراتی سنووردار. لە کۆتاییدا چارەسەرە درێژخایەنەکان پێویستە هەر هەوڵێک بۆ بەهێزکردنی سیستەمی بانکی فەرمی لەبەرچاوبگرن بۆ دروستکردنی بەدیلێکی کێبڕکێکار بۆ تۆڕەکانی حەواڵە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تێچووی مامەڵەکردن، فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە داراییەکان و دروستکردنی متمانە لە مامەڵەکان ( El Qorchi, 2003).

## ٣. کاریگەرییە ئەمنیی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان

### ٣.١ سوودەکانی حەواڵە لە هەرێمی کوردستان

سیستەمی حەواڵە وەک ئامرازێکی گرنگی دارایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەمێنێتەوە، سەرەڕای نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی، بەتایبەت لە گێژاوی دارایی کە بەهۆی ململانێی ناوچەییەوە دروست دەبێت (Lina Abdullah Said Abdullah et al., 2015; Dina Shehata et al., 2021). ئەنجامی راپرسییەک کە لە نێوان ٥٠ بەشداربوودا ئەنجامدرا ئاماژە بەوە دەکات کە سیستەمەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان ناسراوە، ٢٣ بەشداربوو ئاماژەیان بە ئاشنابوونی بەرز کردووە، ١٧ بەشداربوو ئاماژەیان بە ئاشنابوونی مامناوەند کردووە، ٧ کەس ئاماژەیان بە ئاشنابوونی کەم و ٣ کەس ئاماژەیان بە زۆر کەمکردووە. سوودە سەرەکییەکانی سیستەمەکە بریتین لە:

١. ئاسانکاری و خێرایی: ٣٦ بەشداربوو ڕایانگەیاندووە کە حەواڵە خێراترە لە خزمەتگوزارییە بانکییە تەقلیدییەکان کە ئەمەش لە حاڵەتە فریاگوزارییەکاندا زۆر گرنگە.
٢. دەستڕاگەیشتن: خەڵکی گوند و ناوچە دوورەکان دەتوانن حەواڵە وەربگرن، تەنانەت لەو شوێنانەی کە بانکیان نییە.
٣. تێچووی کەم: ١٧ بەشداربوو ئاماژەیان بەوە کردووە کە کرێی حەواڵە کەمترە لە مامەڵەی فەرمی بانکی.
٤. تێکەڵبوونی کلتووری و کۆمەڵایەتی: سیستەمەکە پشت بە ناسنامەی نەتەوەیی یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، ئەمەش متمانەی نێوان نێرەر و وەرگر بەرزدەکاتەوە.
٥. خۆگونجاندن: حەواڵە قەرزی نافەرمی دەدات کە زۆرجار بەبێ چاودێری یان لە دۆخی ناکۆکیدا کاردەکات.
٦. پاراستنی نهێنی: ناوی دراودەر ئاشکرا نابێت، هەروەها ناسنامەی کەسی پارێزراوە.
٧. تێپەڕاندنی سنووردارکردنی بانکی: حەواڵە بەبێ گوێدانە قەدەغەکردن یان سنووردارکردنی گواستنەوەی فەرمی بەردەوام دەبێت.
٨. گەیشتن بە ناوچە هەرێمی و جیهانییەکان: تۆڕەکان هەرێمی کوردستان بە بازاڕەکانی دەوروبەر و جیهانی دەبەستنەوە.

بەشداربووان ئاماژە بەم سوودانە دەکەن؛ یەکێکیان ڕایگەیاند "لە کاتی لافاوەکانی ساڵی رابردوودا، گواستنەوەی حەواڵە لە چەند کاتژمێرێکدا تەواو بوو، لەکاتێکدا بانکەکان بۆ چەند رۆژێک داخران." یەکێکی تریش وتی "تەنانەت لە گوندە دوورە دەستەکانی دوور لە شارەوە دەتوانین بە چەند کاتژمێرێک و بە تێچووی کەم دراو بنێرین و وەریبگرین".

### ٣.٢ مەترسی و هەڕەشەکانی پەیوەست بە حەواڵە

سەرەڕای سوودەکانی حەواڵە، نافەرمییەکەی تەحەدای تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا دروست دەکات. داتاکانی راپرسی و چاودێری مەیدانی ئاماژە بەم مەترسیانەی خوارەوە دەکەن:

١. نەبوونی کۆد و بەڵگەنامە: بەهۆی کەمی بەڵگەنامە، ئەستەمە شوێن پێی رێڕەوی دراو بدۆزرێتەوە. وەک یەکێک لە بەشداربووان رایگەیاند "هیچ پسوڵەیەک نییە کە نیشان بدات دراوەکە بۆ کوێ چووە".
٢. سپیکردنەوەی دراو: ڕەنگە تۆڕەکان بتوانن دراوی نایاسایی بگوازنەوە.
٣. گواستنەوەی دراو بۆ تاکەکان و رێکخراوە نافەرمییەکان: ٣٢ بەشداربوو ئاماژەیان بە ئەگەری ئیستغلالکردنی حەواڵە بۆ ئەم مەبەستە کرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو مەترسییە بوو کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەم سیستەمە داراییەوە هەیە لە ژینگە ناسەقامگیرەکاندا (Al-Qurashi et al., 2003).
٤. گەندەڵی و بازرگانی نایاسایی: حەواڵە لەوانەیە ببێتە هۆی بەرتیلدان، قاچاخچێتی یان مامەڵەی نایاسایی.
٥. دوورکەوتنەوە لە ڕێکخستن: کارکردن لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی، جێبەجێکردنی یاساکانی دژە سپیکردنەوەی دراو و گواستنەوەی دراو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر قورس دەکات.
٦. نەبوونی رێگەی یاسایی یان چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان: ڕێککەوتنە نافەرمییەکان چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ئاڵۆزدەکەن.

بەشداربووان جەختیان لەسەر ئەم مەترسیانە کردەوە: "هەندێکجار گوێبیستی ئەوە دەبین کە دراو دەنێردرێت بۆ گروپە نەناسراوەکان یان ئەوانەی لە ژێر چاودێریدان " و "ئەگەر ناکۆکییەک دروست بوو، هیچ ڕێگەیەکی فەرمی نییە بۆ وەرگرتنەوەی دراوەکەت". بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی بابەتەکە، توێژینەوەکە لە ڕێگەی تێکەڵکردنی داتای مەیدانی هەوڵدەدات دیدێکی هاوسەنگ لەبارەی حەواڵە لە هەرێمی کوردستاندا بڕەخسێنێت.

## ٣.٣ کاریگەرییە ئابوورییەکانی بەکارهێنانی حەواڵە لە عێراق و هەرێمی کوردستان

لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی نافەرمی کاردەکات، کاریگەرییە ئابوورییە گەورەکانی حەواڵە لەڕووی داراییەوە ئەستەمە بپێورێت. سەرەڕای کارکردن لە دەرەوەی پێکهاتەی ئابووری فەرمی، حەواڵە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر داهاتی دارایی و کۆنترۆڵکردنی داهاتی باج هەیە (محەمەد ئەلقورەشی و هاوکارانی، ٢٠٠٣). لە ڕێگەی بەکاربردن لە دەرەوەی سیستەمی بانکی فەرمی، حەواڵە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دابینکردنی دراو هەیە. خەملاندنەکان ئاماژە بە دابەزینی داهاتی باج و زیادبوونی ڕۆیشتنی دراوی کۆنترۆڵنەکراو دەکەن و قەبارەی ئەم چالاکییە ئابوورییە کە شوێن پێهەڵنەگیراون لە ئاستی جیهانیدا بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێت. هەروەها ئەم چالاکیانە پەیوەندییان بە دیاردە ئابوورییە پێوانەکراوەکانەوە هەیە، لەوانە خۆدزینەوە لە باج، هەڵاتنی سەرمایە و چالاکییە ئابوورییە نافەرمییەکان (Adrian & Shin, 2010).

لەبارەی هەرێمی کوردستان، ناوچەکە لەژێر کاریگەری هەستیاری سیاسی و ئابووریی بووە (Hashmati & Khayat, 2012). فراوانبوونی ئابووریی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە کۆسپی گەورەی بۆ دروستبوو بەهۆی داڕمانی ئابووری لە ئەنجامی قەیرانی سەرهەڵدانی داعش و کەمبوونەوەی داهاتی حکومەتی عێراق و دابەزینی نرخی نەوتەوە (Sommer & Joseph, 2018). هەروەها گشتپرسیی ساڵی ٢٠١٧ بۆ سەربەخۆی هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی هەناردەکردنی نەوت تەحەدای گەورەی بۆ دەوڵەتێکی تازە دامەزراو دروستکردوە کە زۆر پشت بە تۆڕەکانی گواستنەوەی نەوتی ناتەقلیدی ( نایاسایی) سنووربەزێن دەبەستێت (Sommer & Joseph, 2018). لە زۆر حاڵەتدا، حەواڵە نوێنەرایەتی سیستەمێکی نیمچە دامەزراوەیی دەکات کە زاڵە بەسەر چالاکییە ئابوورییەکاندا و لە سیستەمی بانکی فەرمی باشترە (Gunningham, 2019).

بە پشتبەستن بەم داینامیکییانە، دەرئەنجامە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی بەکارهێنانی حەواڵە لە هەرێمی کوردستان بریتین لە:

١. لاوازی گرێبەستی بانکی و دابینکردنی دراوی فەرمی، لەگەڵ سنووردارکردنی قەرز و گەشەپێدانی دارایی.
٢. لاوازکردنی دەسەڵاتی چاودێری و توانای چاودێریکردنی ڕۆیشتنی سەرمایە و دابینکردنی دراو.
٣. کەمکردنەوەی داهاتی گشتی لە ڕێگەی مامەڵەی بێ باجەوە.
٤. دەرکردنی بەکارهێنەران لە سیستەمێکی پاراستنی دارایی ڕێکخراو.
٥. زیادبوونی لاوازی ئابووری لە کاتی قەیرانەکاندا بەهۆی نەبوونی شەفافیەت.
٦. کاریگەری لەسەر نرخی ئاڵوگۆڕکردن لە ڕێگەی ڕۆیشتنی دراوی ڕێکنەخراوەوە.

## ٤.میتۆدۆلۆژیا

لێکۆڵینەوەکە سوودی لە ڕێبازی توێژینەوەی چۆنایەتی وەرگرتووە بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە کارکردنی سیستەمی حەواڵە لە هەرێمی کوردستاندا و ئەو چوارچێوەیەی کە بەشداربووان تێیدا کارلێک لەگەڵ ئەم سیستەمەدا دەکەن. داتاکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیدار کۆکراونەوە لەوانە:

١. دەڵاڵەکانی حەواڵە: بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمی کارکردنیان، ئەو تەحەددایانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پاڵنەرەکانیان بۆ بەکارهێنانی حەواڵە.

٢. دەسەڵاتی ڕێکخستنی ناوخۆیی و بەرپرسانی حکومەت: بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەی ڕێکخستنی ئێستا و ئەو تەحەددیایانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا.
٣. نوێنەرانی کەرتی دارایی: بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان فۆڕمی دارایی فەرمی و نافەرمی.
٤. کۆمپانیا بازرگانییەکان: بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن مامەڵەی حەواڵە هاوکاتە لەگەڵ چالاکییە بازرگانییەکان وەک جووڵەی کەلوپەل و خزمەتگوزاری.
٥. ئەو کرێارە تاکەکەسیانەی کە بەم دواییە سیستەمی حەواڵەیان بەکارهێناوە: بۆ قووڵبوونەوە لە ئەزموون، پاڵنەر و تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە سوود و زیانەکانی کەناڵە نافەرمییەکانی حەواڵەکردن.

ئامانجی سەرەکی ئەم چاوپێکەوتنانە لێکۆڵینەوە بوو لە دیدگاکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە ڕێکخستن، ئاسایش و کاریگەرییە ئابوورییەکانی مامەڵەکانی حەواڵە، هەروەها لایەنە پراکتیکییەکانی تەواوکردنی مامەڵەکان. هەروەها زانیارییەکانی چاودێریکردن لە فەرمانگەکانی حەواڵە و شوێنەکانی تری حەواڵەکردنی نافەرمی کۆکرانەوە، کە زەمینەیەکیان بۆ تێگەیشتن لە پڕۆسەکان دابینکرد.

## ٤.١ دیزاینی توێژینەوە و شیکاری داتا

بۆ دڵنیابوون لە هەڵبژاردنی بەشداربووانی شارەزا لە بوارەکەدا توێژینەوەکە پشتی بە کەسانی ناوخۆیی بەستووە کە ئەزموونی ڕاستەوخۆ یان زانیاری پراکتیکییان هەیە لەسەر کارەکانی حەواڵە، دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیکردنی گروپە جۆراوجۆرەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان. چاوپێکەوتنەکان ئەنجامدران، تۆمارکران و نووسرانەوە، پاشان بەشێوەیەکی بابەتیی کۆدکران بۆ دەرهێنانی نەخش و تەوەرە گرنگەکانی پەیوەست بە ڕێکخستن، ئابووری و ئاسایش. هەروەها شیکاری داتاکان پڕۆسەیەکی دووبارەبووەوە بوو، ڕێگەیدا کە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانی پێشوو بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنماییکردنی چاوپێکەوتنەکانی دواتر و بەرزکردنەوەی تێگەیشتن لە سیستەمی کارپێکردنی حەواڵە.

## ٤.٢ ڕەچاوکردنی ئەخلاقی

بەشداربووان ڕەزامەندیان پێشکەشکرد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی کە وەڵامەکانیان بە نهێنی دەمێنێتەوە و ناسنامەکانیان بە نادیار دەمێنێتەوە. ئەو زانیاریانەی کە ڕەنگە ناسنامەی بەشداربووان یان وردەکارییەکانی مامەڵەکە ئاشکرا بکەن بەشێوەیەکی هەستیار مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییە ئەگەرییەکانی ئاشکراکردن. توێژەرەکە پابەندبوو بە پراکتیکەکانی توێژینەوەی ئەخلاقی، هاوسەنگی شەفافیەت لەگەڵ پێویستی پاراستنی بەشداربووان کە لە کەرتی دارایی نافەرمیدا کاردەکەن.

## ٥. ڕاپرسی لەسەر سیستەمی حەواڵە لە کوردستان

هەڵسەنگاندنە مەیدانییەکە وەڵامی ٥٠ بەشداربووی لە باکگراوند و ئەزموونی پەروەردەیی جۆراوجۆر وەرگرتەوە بۆ بەدواداچوون بۆ زانیاری، بەکارهێنان و هەڵوێستەکان بەرامبەر بە سیستمی نافەرمیی حەواڵە (یان 'سیستەمی نەختینە') لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر لایەنە ڕێکخراوەیی، ئاسایش، تەکنەلۆژی و ئابوورییەکان بوو کە ڕێگەی پێدان زانیاری پەیوەندیدار لەسەر تەحەددیاتەکان (یان بەربەستەکان) و مەترسییەکان کۆبکەینەوە، لەگەڵ چارەسەرە ئەگەرییەکان یان پێشکەوتنەکان بۆ سیستەمی نافەرمی حەواڵە.

## خشتەی ژمارە ٢

دابەشکردنی بەشداربووان بەپێی جۆری شوێنی کار

| بڕوانامەی ئەکادیمی | ژمارە ( کەس ) |
| --- | --- |
| بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس | ٣٢ |
| ماستەر | ٩ |
| سەرەتایی | ٢ |
| ناوەندی | ٤ |
| ئامادەیی | ٣ |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی بەشداربووان خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆسن (٣٢ بەشداربوو)، دواتر بڕوانامەی ماستەر (٩ بەشداربوو)، لەکاتێکدا ٢ هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی، ٤ هەڵگری بڕوانامەی ناوەندی و ٣ هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بەشداربوون، بەمەش کۆی ژمارەی بەشداربووان دەگاتە ٥٠ کەس.

## خشتەی ژمارە ٣

دابەشکردنی بەشداربووان بەپێی ئاستی ئەکادیمی

| جۆری شوێنی کار | ژمارە ( کەس ) |
| --- | --- |
| کۆمپانیا | ٢٣ |
| ئەکادیمیک / توێژەر | ٦ |
| بانک | ١١ |
| هاوڵاتی (کەسی تایبەت) | ٣ |
| نووسینگەی گواستنەوەی دراو | ٧ |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەشداربووان بۆ کۆمپانیاکان کاردەکەن (٢٣ بەشداربوو)، دواتر بانکەکان (١١ بەشداربوو)، فەرمانگەکانی گواستنەوەی دراو (٧ بەشداربوو)، ئەکادیمی/توێژەران (٦ بەشداربوو) و هاوڵاتی (٣ بەشداربوو)، بەمەش کۆی ژمارەی بەشداربووان دەگاتە ٥٠ بەشداربوو.

## خشتەی ژمارە ٤

دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی پلەی زانیاری لەسەر سیستەمی حەواڵەی تەقلیدی

| ئاستی زانیاری لەسەر سیستەمی حەواڵەی تەقلیدی | ژمارە ( کەس ) |
|---|---|
| بەرز | ٢٣ |
| مامناوەند | ١٧ |
| کەم | ٧ |
| سنووردار | ٣ |

ئەنجامی راپرسییەکە سەبارەت بە زانیاری بەشداربووان لەسەر سیستەمی حەواڵەی نەریتی ئاماژە بەوە دەکات کە ٢٣ بەشداربوو زانیارییەکی بەرزیان هەبووە، ١٧ بەشداربوو زانیارییەکی مامناوەندیان هەبووە، ٧ کەس زانیارییان کەم بووە و ٣ کەس زانیاری سنووردار یان خوارکەمیان هەبووە، بەمەش کۆی ژمارەی بەشداربووان گەیشتووەتە ٥٠ کەس.

## خشتەی ژمارە ٥

هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی سیستەمی حەواڵەی نافەرمی

| هۆکاری سەرەکی | ژمارە ( کەس ) | تێبینی زیادە |
|---|---|---|
| خێرایی گواستنەوە | ٣٦ | گواستنەوەکان خێراترە بەراورد بە بانکە فەرمی و تایبەتییەکان |
| کەمکردنەوەی کرێ/کەمکردنەوەی تێچوون | ١٧ | تێچوونەکان لە سیستەمی بانکی فەرمی کەمترن |
| متمانەی کەسی | ١٥ | هەندێک کەس زیاتر لە بانکەکان متمانەیان بە ناسیاوەکانیان هەیە. |
| نەبوونی متمانە بە سیستەمی فەرمی بانکی | ١٧ | بەهۆی سنووردارکردنی بانکەکان، ڕێکارە فەرمییە درێژخایەنەکان، یان داخستنی هەندێک لە بانکەکان لە هەندێک کاتدا |
| هۆکاری تر | ٥ | پاراستنی تایبەتمەندی، ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانەی کە هەژماری بانکییان نییە، مامەڵەکردن لە دەرەوەی کاتەکانی بانکی، ئاسانکاری بۆ سنووردارکردنی بانکی |

ئەنجامەکانی راپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی سیستەمی حەواڵەی نافەرمی بریتی بوون لە خێرایی گواستنەوەکان، کە لەلایەن ٣٦ بەشداربووەوە هەڵبژێردران، دواتر کەمبوونەوەی کرێ/تێچوون لەلایەن ١٧ بەشداربوو، نەبوونی متمانە بە سیستەمی بانکی فەرمی بە دەنگی ١٧ بەشداربوو و متمانەی کەسی بە دەنگی ١٥ بەشداربوو. هەروەها هۆکاری دیکە، وەک پاراستنی تایبەتمەندی، ئاسانکاری بەکارهێنان بۆ ئەو کەسانەی کە هەژماری بانکییان نییە و مامەڵەکردن لە دەرەوەی کاتژمێرەکانی بانکی، بە رێژەی ٥ جار ئاماژەیان پێکراوە.

## خشتەی ژمارە ٦

بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت بە چاودێری و رێکخستن لە سیستەمی حەواڵەی نافەرمیدا

| پرسیار | هەڵبژاردن | ژمارە (کەس) | تێبینی / نموونەی رێگرییەکان |
|---|---|---|---|
| ١. پێتوایە پێویستە چاودێری تەواو لەسەر دامەزراوە نافەرمییەکانی حەواڵە هەبێت؟ | بەڵێ | ٢١ | هەندێک لە بەشداربووان باسیان لە کێشەکانی خێرایی گواستنەوە، تۆمارکردنی فەرمی و هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایش کرد. |
| | نەخێر | ١١ | هەندێک کەس پێیان وایە سیستەمەکە بەبێ کێشەی گەورە کاردەکات. |
| | بەشێوەی سنووردار | ١٤ | چاودێری کەم یان سنووردار |
| ٢. ئایا پشتگیری لە یەکخستنی ئەم سیستەمانە دەکەیت لە چوارچێوەی رێکخستنی فەرمیدا؟ | بەڵێ | ٤٦ | زۆرینە پشتگیری لە یەکخستنی سیستەمەکە دەکەن لە چوارچێوەیەکی یاساییدا. |
| | نەخێر | ٣ | هەندێک لە بەشداربووان بە یەکگرتنەوەکە رازی نین. |
| ٣. بەرچاوترین ئاستەنگەکان چین بە بڕوای ئێوە؟ | کەمبوونی یاسای روون | ٢٨ | دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداربووان |
| | چاودێری کەم | ١٥ | چاودێری لاواز لە چالاکییە داراییەکان |
| | کەمبوونی هاوبەشی لەگەڵ دەسەڵاتە ئەمنییەکان | ٧ | بەشێک لە بەشداربووان ئاماژەیان بە سەختی هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشدا کرد. |

ئەنجامی راپرسییەکان لە لایەنی رێکخستنەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ٢١ بەشداربوو پێیان وایە چاودێری تەواو لەسەر دامەزراوە نافەرمییەکانی حەواڵە پێویستە، لە کاتێکدا ١٤ بەشداربوو پێیان وایە کە چاودێریکردن دەبێت کەم یان سنووردار بێت و ١١ بەشداربوو بە ناپێویستی دەزانن. سەبارەت بە پشتگیری بۆ یەکخستنی ئەم سیستەمانە لە چوارچێوەی رێکخستنی فەرمیدا، زۆرینەی رەهای بەشداربووان (٤٦ بەشداربوو) پشتگیریان دەربڕی بە بەراورد لەگەڵ ٣ کەس کە دژی بوون. سەبارەت بە ئاستەنگە سەرەکییەکان، ٢٨ بەشداربوو ئاماژەیان بە نەبوونی یاسایەکی روونکردووە، ١٥ بەشداربوو ئاماژەیان بە لاوازی چاودێریکردن کردووە، ٧ کەسیش ئاماژەیان بە نەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە ئەمنییەکان کردووە.

## خشتەی ژمارە ٧

هەڵسەنگاندنی بەشداربووان بۆ چاودێری ڕێکخراوەیی و سنووردارکردنەکان
لە سیستەمی حەواڵەی نافەرمیدا

| پرسیار | هەڵبژاردن | ژمارە ( کەس ) | تێبینی/نموونەی ئەو مەترسیانەی کە ڕوودەدەن |
|---|---|---|---|
| ١. ئایا پێتوایە سیستەمی حەواڵە (دراو گواستنەوە) بۆ مەبەستی نایاسایی بەکاربهێنرێت؟ | بەڵێ | ٣٢ | هەندێک لە بەشداربووان ئاماژەیان بە بەکارهێنانی نایاسایی ئەگەری وەک خۆدزینەوە لە باج یان گواستنەوەی دراو نایاسایی کرد. |
| | نەخێر | ٨ | هەندێک پێیان وایە ئەو سیستەمە بۆ مەبەستی نایاسایی بەکارناهێنرێت. |
| | نازانم | ٤ | هەندێک لە بەشداربووان بۆچوونێکی دیاریکراویان نەبوو. |
| ٢. گرنگترین مەترسییە ئەمنییەکان چین کە پەیوەندییان بە حەواڵەی نافەرمیەوە هەیە؟ | سپیکردنەوەی دراو/ قاچاخچێتی دراو | ٢٣ | زۆرترین هۆکاری مەترسی کە لەلایەن بەشداربووانەوە باسکراوە |
| | خۆدزینەوە لە باج | ١٦ | مەترسی ئاماژەی پێکرا |
| | بەهێزکردنی گروپە نارەسمییەکان | ٨ | مەترسییەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی حەواڵەکردن لە دەرەوەی سیستەمی فەرمی |
| | زیان بە ئابووری | ٧ | بەشێک لە بەشداربووان ئاماژەیان بە کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر ئابووری کرد. |

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە ٣٢ بەشداربوو پێیان وایە دەتوانرێت سیستەمی حەواڵە بۆ مەبەستی نایاسایی بەکاربهێنرێت، لەکاتێکدا ٨ بەشداربوو پێیان وایە بۆ ئەو جۆرە مەبەستە بەکارناهێنرێت، هەروەها ٤ بەشداربوو هیچ بۆچوونێکی دیاریکراویان نەبووە. مەترسییە ئەمنییە سەرەکییەکانی پەیوەست بە حەواڵەکردنی نافەرمی بریتی بوون لە سپیکردنەوەی دراو و قاچاخچێتی (٢٣ بەشداربوو)، خۆدزینەوە لە باج (١٦ بەشداربوو)، بەڕێوەبردنی گروپە نافەرمییەکان (٨ بەشداربوو) و زیانگەیاندن بە ئابووری (٧ بەشداربوو).

## خشتەی ژمارە ٨

هەڵسەنگاندنی بەشداربووان بۆ مەترسییە ئەمنییەکانی سیستەمی حەواڵەی نافەرمی

| پرسیار | هەڵبژاردن / ڕێگا | ژمارە ( کەس ) | تێبینی / نموونەی ڕێگا و شێواز |
|---|---|---|---|
| ١. پێت وایە دەتوانرێت حەواڵە لەگەڵ سیستەمی بانکی فەرمی تێکەڵ بکرێت بەبێ ئەوەی سازش لەسەر ئاسانکاری بەکارهێنان بکرێت؟ | بەڵێ | ٤٠ | زۆربەی بەشداربووان پێیان وایە کە یەکگرتن لە هەمان کاتدا ئاسانکاری بەکارهێنان دەپارێزرێت ئەگەر چاودێری و ژێرخانی روون بۆ ئەم پرۆسەیە هەبێت. |
| | نەخێر | ٦ | بەشێک لە بەشداربووان پێیان وایە کە یەکگرتنەوەکە رەنگە پرۆسەکە ئاڵۆز بکات و کارایی سیستەمەکە کەم بکاتەوە. |
| ٢. شێوازە پێشنیار کراوەکان بۆ تێکەڵکردنی حەواڵە لەگەڵ سیستەمی دارایی فەرمی چین؟ | چاودێری راستەوخۆی بانکی ناوەندی | ١٨ | بەستنەوەی گواستنەوەکە بە سیستەمی بانکی فەرمی لە ژێر چاودێری حکومەتدا بۆ دەستەبەرکردنی شەفافیەت. |
| | باشترکردنی شەفافیەت (بە شێوەی ئەلیکترۆنی/ئۆنلاین) | ٢٢ | دابینکردنی مەرجی روون بۆ مامەڵەی ئۆنلاین |
| | بە یاسایکردن و دەسەڵاتدان بە فەرمانگەکان/ فەرمانبەران | ٤ | پێویستی بە چاودێری هەیە، لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، بۆ ئاسانکاری مامەڵەکان. |

ئەنجامەکانی راپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی ٤٠ بەشداربووەکە پێیان وایە کە دەتوانرێت حەواڵە لەگەڵ سیستەمی بانکی فەرمی تێکەڵبکرێت بەبێ ئەوەی سازش لەسەر ئاسانکاری بەکارهێنان بکرێت، لەکاتێکدا ٦ بەشداربوو پێیان وایە کە یەکخستنی رەنگە کارایی سیستەمەکە کەم بکاتەوە. شێوازە پێشنیار کراوەکانی یەکگرتن بریتی بوون لە چاودێری راستەوخۆ لەلایەن بانکی ناوەندی (١٨ بەشداربوو)، باشترکردنی شەفافیەت (٢٢ بەشداربوو) و پێدانی دەسەڵات بە فەرمانگەکان یان فەرمانبەران (٤ بەشداربوو).

## خشتەی ژمارە ٩

بۆچوونی بەشداربووان لەسەر ڕۆڵی گۆڕانکاری دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیا لە ڕێکخستنی حەواڵە

| ژمارە | چالاکی / هەڵبژاردن | ڕوونکردنەوە |
| --- | --- | --- |
| ١ | ئاسانکردنی پرۆسەکان | ئاسانکردنی هەنگاوەکانی گواستنەوە بۆ ئەوەی بەکارهێنانیان بۆ کڕیاران ئاسانتر بێت. |
| ٢ | کەمکردنەوەی کرێ | پێشکەشکردنی کرێی کەمتر یان داشکاندن بۆ ڕاکێشانی کڕیاری زیاتر. |
| ٣ | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی ئاسان | بەکاربردنی پلاتفۆرم یان بەرنامەکانی ئۆنلاین بۆ جێبەجێکردنی حەواڵە بە خێرایی و زیادکردنی ئاسانکاری. |
| ٤ | کردنەوەی لق لە ناوچە دوورەکان | زیادکردنی خاڵەکانی دەستڕاگەیشتن بۆ ئاسانکاری خزمەتگوزاری بۆ کڕیاران لە ناوچە جیاوازەکاندا. |
| ٥ | هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی حەواڵەکردن | دامەزراندنی هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاسانکاری کارەکان بەپێی یاساکان. |
| ٦ | بژاردەی زیادە/شتی تر | هەر داهێنانێکی نوێ یان پێشکەوتنێکی تر بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکە کاراتر و گونجاوتر بێت بۆ کڕیاران. |

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی بەشداربووان پێیان وایە کە گۆڕینی دیجیتاڵی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕێکخستنی حەواڵەکردن و زیادکردنی شەفافیەت، هەرچەندە هەندێک تەحەدا لە جێبەجێکردندا هەیە. هەندێک لە دامەزراوەکان لە ئێستاوە بەرنامە و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن بۆ ئاسانکاری بۆ حەواڵەکردن. ئاستەنگە سەرەکییەکان بریتین لە نەبوونی هۆشیاری دیجیتاڵی، لاوازی متمانە و متمانەپێکردن، کێشەکانی بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی و دواکەوتن یان ڕەتکردنەوەی گواستنەوە. هەروەها بەشداربووان ئاماژەیان بەوەکرد کە بەکارهێنانی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئەلیکترۆنی (E-KYC) ڕێکخستن بەرز دەکاتەوە و مەترسی کەمدەکاتەوە، لەکاتێکدا کڕیاران ڕووبەڕووی کێشەکانی پەیوەست بە متمانە، کوالێتی خزمەتگوزاری، بەڵگەنامە و زمان دەبنەوە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بانکەکاندا.

## خشتەی ژمارە ١٠

کردار و بژاردە پێشنیار کراوەکان بۆ بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی حەواڵەکردن

| وەڵام / تێبینی | پرسیار |
|---|---|
| بەڵێ، زۆربەی بەشداربووان پێیان وایە کە گۆڕینی دیجیتاڵی بەشدارە لە باشترکردنی ڕێکخستن و زیادکردنی شەفافیەت، لە کاتێکدا هەندێک ئاماژە بە ئاستەنگەکان دەکەن لە جێبەجێکردندا. | ١. ئایا گۆڕینی دیجیتاڵی دەتوانێت بەشداری بکات لە ڕێکخستنی حەواڵە؟ |
| بەڵێ، هەندێک دامەزراوە ئەپڵیکەیشنی مۆدێرن و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن بۆ ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی بانکی. | ٢. ئایا دامەزراوە مۆدێرنەکان بۆ گواستنەوەی دراو ئەپلیکەیشن یان تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکاردەهێنن؟ |
| - نەبوونی هۆشیاری دیجیتاڵی لای بەشێک لە کڕیاران.<br>- نەبوونی متمانە بە هەندێک خزمەتگوزاری.<br>- کێشەی بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی و بەڵگەنامەی پێویست.<br>- خراپی کوالێتی خزمەتگوزاری یان دواکەوتن لە جێبەجێکردنی گواستنەوەکان.<br>- هەندێک گواستنەوە ڕەتدەکرێنەوە بەبێ ڕوونکردنەوە.<br>- نەبوونی خزمەتگوزاری بە زمانە ناوخۆییەکان. | ٣. ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەم بوارەدا چین؟ |
| بەڵێ، بەکارهێنانی e-KYC یارمەتی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی کڕیاران دەدات بە شێوەیەکی پارێزراو و مەترسییەکانی پەیوەست بە مامەڵەکان کەمدەکاتەوە. | ٤. ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئەلیکترۆنی (e-KYC) دەتوانێت ڕێکخستنی حەواڵەکردن باشتر بکات؟ |
| - خراپی متمانە و متمانەپێکردن.<br>- نەبوونی هۆشیاری دیجیتاڵی.<br>- خراپی خزمەتگوزاری و دواکەوتنی گواستنەوە.<br>- هەندێک گواستنەوە ڕەتدەکرێنەوە بەبێ هۆکارێکی ڕوون.<br>- نەبوونی خزمەتگوزاری بە زمانە ناوخۆییەکان.<br>- ئاڵۆزی لە بەڵگەنامە و ڕێکارە پێویستەکاندا. | ٥. ئەو گرفتە سەرەکیانەی کڕیاران لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بانکەکان لە بواری حەواڵەکردندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟ |

ئەنجامی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بانکەکان دەتوانن خزمەتگوزارییەکانی حەواڵەکردن کاراتر بکەن بە ئاسانکردنی ڕێکارەکان، کەمکردنەوەی کرێ، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییە ئاسانەکان، کردنەوەی لق لە ناوچە دوورەکان و هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی حەواڵەکردن.

## خشتەی ژمارە ١١

رۆڵی دەزگاکانی حکومەت و کاریگەریی حەواڵەکردن لەسەر ئابووری ناوخۆیی
و پشتیوانی بۆ پڕۆژە بچووکەکان

| ئاراستە / محور | هەڵبژاردن | ژمارە (کەس) |
|---|---|---|
| پرسیاری ٧: رۆڵی دەزگاکانی حکومەت لە ڕێکخستنی حەواڵە | کەم | ١٦ |
| | زۆر | ١٣ |
| | نەخێر | ١١ |
| دەزگا بەرپرسیارەکان | بانکی ناوەندی | ٢٥ |
| | وەزارەتی دارایی | ١٢ |
| | زانکۆ و ناوەندی توێژینەوە | ٢ |
| | دامەزراوەکانی حەواڵە خۆیان | ١٠ |
| پرسیاری ٨: کاریگەری حەواڵەکردن لەسەر ئابووری ناوخۆیی | بەڵێ، کاریگەری زۆر هەیە | ٢١ |
| | کاریگەری مامناوەند | ١٠ |
| | کاریگەری نییە | ٩ |
| کاریگەری حەواڵەکردن لەسەر پشتگیریکردنی بزنسە بچووکەکان | بەڵێ هەیەتی | ٢٨ |
| | نەخێر نیەتی | ١٢ |

ئەنجامەکانی راپرسییەکە ئاماژە بەوەدەکەن کە بەشداربووان جیاوازی لە رۆڵی دەزگاکانی حکومەت لە رێکخستنی حەواڵەکردندا هەست پێدەکەن: ١٦ بەشداربوو ئەم رۆڵیان بە کەم زانیوە، ١٣ بەشداربوو دانیان بە رۆڵێکی روون داناوە و ١١ بەشداربوو پێیانوابوو کە بوونی نییە. سەبارەت بەو دەزگایانەی بەرپرسیارن لە رێکخستنی حەواڵە، بانکی ناوەندی وەک قەوارەی سەرەکی دەستنیشانکرا (٢٥ بەشداربوو)، دواتر وەزارەتی دارایی (١٢ بەشداربوو)، پاشان دامەزراوەکانی حەواڵەکردن خۆیان (١٠ بەشداربوو) و لە کۆتاییدا زانکۆ و پەیمانگاکانی توێژینەوە (٢ بەشداربوو) دەستنیشانکرا.

سەبارەت بە کاریگەریی حەواڵەکردن لەسەر ئابووری ناوخۆیی، ٢١ بەشداربوو بە کاریگەرییەکی بەرچاویان زانیوە، ١٠ بەشداربوو کاریگەرییەکانیان بە مامناوەند زانیوە، ٩ بەشداربووش کاریگەرییەکانیان بە کەمترین یان نەبوو زانیوە. ٢٨ بەشداربوو ئاماژەیان بەوە کردووە کە حەواڵەکردن رۆڵی هەیە لە پشتگیریکردنی بزنسە بچووکەکان، لە کاتێکدا ١٢ بەشداربوو ئەم کاریگەرییەیان نەبینیوە.

## خشتەی ژمارە ١٢

پێشنیارەکان بۆ ڕێکخستن و باشترکردنی سیستەمی حەواڵە لە هەرێمی کوردستان

| پێشنیار | ژمارە ( کەس ) |
|---|---|
| ئامادەکردنی یاسایەک سەبارەت بە حەواڵە (گواستنەوەی دراو) | ٣٦ |
| پێدانی مافی فەرمی کارکردن | ١٧ |
| دامەزراندن و ڕاهێنانی ستاف | ٩ |
| بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری | ١٤ |
| پەرەپێدانی چاودێری ئەمنی | ١٥ |
| دامەزراندنی بنکەیەکی زانیاری نیشتمانی | ١٠ |

ئەنجامی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە پێشنیارە سەرەکییەکان بۆ ڕێکخستنی حەواڵە لە هەرێمی کوردستان بریتی بوون لە دەرکردنی یاسایەکی دیاریکراو بۆ حەواڵە (٣٦ بەشداربوو)، پێدانی ئەرکی فەرمی (١٧ بەشداربوو)، بەرزکردنەوەی چاودێری ئەمنی (١٥ بەشداربوو)، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری (١٤ بەشداربوو)، دامەزراندنی کارمەند و ڕاهێنانی ستاف (٩ بەشداربوو) و دامەزراندنی داتابەیسێکی نیشتمانی (١٠ بەشداربوو).

## خشتەی ژمارە ١٣

تێبینی و سەرنجی زیادە لەسەر سیستەمی حەواڵە

| جۆری لێدوان | ژمارە ( کەس ) |
|---|---|
| پێویستە ڕێکخستنی سیستەمی حەواڵە لە ڕێگەی یاسا و تۆمارکردنی حەواڵەکان ئەنجام بدرێت بۆ پاراستنی دراو و کەمکردنەوەی مەترسییە ئابوورییەکان، لەگەڵ هاوکاری نێوان حەواڵەکان و بانکە فەرمییەکان هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا. | ٣ |
| پێویستە سیستەمەکە یاسایی، فەرمی و سەرپەرشتیکراو بێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان و بەرزکردنەوەی پشتیوانی. | ٢ |
| سیستەمەکە دەبێت تۆمارکراو و یاسایی بێت و چاودێری بکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان. | ١ |
| پێویستی دامەزراندنی حوکمڕانییەکی باش و بێلایەنی سیاسی کە بەشێوەیەکی شەفافانە کار بکات و خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات، سەربەخۆبێت لە بەرژەوەندییە حزبییەکان. | ٣ |
| هیچ تێبینی زیاتر نییە | ٢ |

سەرنجەکان لەسەر سیستەمی حەواڵە ئاماژەن بۆ پێویستییەکی بەپەلە بۆ ڕێکخستنی سیستەمەکە لە ڕێگەی یاساکان و تۆمارکردنی حەواڵە (حەواڵەدارەکان) بۆ پاراستنی دراو، کەمکردنەوەی مەترسییە ئابوورییەکان، دڵنیابوون لە هاوکاری لەگەڵ بانکەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا (٣ بەشداربوو). دوو بەشداربوو جەختیان لەوە کردەوە کە سیستەمەکە دەبێت یاسایی، فەرمی بێت و چاودێری بکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان و پاڵپشتی زیاتر. هەروەها یەکێک لە بەشداربووان تیشکی خستەسەر گرنگی تۆمارکردن و سەرپەرشتیکردنی سیستەمەکە، هاوکات سێ بەشداربوو ئاماژەیان بە پێویستی بەڕێوەبردنێکی سیاسی بێلایەن و شەفاف کرد کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات. دوو بەشداربوو هیچ سەرنجێکی زیادەیان نەخستەڕوو.

ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە سیستەمی حەواڵەی نافەرمی تادێت ناوبانگێکی زیاتر لەلای بەکارهێنەران بەدەست دەهێنێت بەهۆی خێرایی گواستنەوە و کەمبوونەوەی تێچوون و متمانەپێکراوی سیستەمەکە لەگەڵ کرپاران. هەروەها ئامارەکان ئاستێکی باشی هۆشیاری لە سیستەمی حەواڵەی تەقلیدی نیشان دەدەن، هەرچەندە ئەزموونی بەکارهێنەر بەپێی هۆکارە کەسییەکان وەک پیشە و ئاستی پەروەردەیی دەگۆڕێت. هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە حەواڵەکردن لە نێوان هاوڵاتیاندا هۆکارە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سیستەمەکە و ڕێژەیی زانیاری بەکاربەران لە ئاستی نیشتمانیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

توێژینەوەکە دەریخستووە کە چاودێری دامەزراوەیی بۆ حەواڵەکردن لە هەرێمدا سنووردارە. بەڵام دەتوانرێت سیستەمی نافەرمی لەگەڵ کارەکانی بانکی فەرمیدا یەکبخرێت ئەگەر چاودێرییەکی گونجاو، ڕێکارە شەفافەکان، ڕوونکردنەوە لەسەر میکانیزمەکانی قەرزدان و قەرزکردن لە ڕووی داراییەوە لە نێوان بازرگانییەکانی ناو هەرێم و دەرەوەی هەرێمدا هەبێت و ستانداردەکانی شەفافیەتی دیجیتاڵی بەکاربێت بۆ ڕێکخستنی فەرمی کارەکان.

سەبارەت بە ئامڕازە داراییە دیجیتاڵییەکان، بەشداربووان ئاماژەیان بەوەکرد کە گۆڕانکاری لە سیستەمی دیجیتاڵی دەتوانێت حوکمڕانی و شەفافیەت لە کارەکاندا بەرزبکاتەوە. بەڵام ڕازیکردنی بەکارهێنەر و متمانە بە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان وەک تەحەددایەک دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، پرسەکانی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئەلیکترۆنی، دواکەوتنی گواستنەوە، کرێی زیادە و ناوبەناو ڕەتکردنەوەی گواستنەوەکان هۆکاری دیکەن. بەم پێیە، توێژەران پێشنیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکانی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئەلیکترۆنی (E-KYC)یان کرد وەک ئامڕازێک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێکخستن و دڵنیابوون لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەیوەست بە سیستەمی حەواڵە.

## پێشنیارەکان

بە پشتبەستن بە ئەنجامی ڕاپرسییەکی مەیدانی لە ٥٠ بەشداربوو لەسەر سیستەمی حەواڵەی نافەرمی لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بکرێت:

**١. ڕێوشوێنە ڕێکخراوەییەکان:**

١. جێبەجێکردنی چاودێری تەواو یان مامناوەند لەسەر دامەزراوەکانی حەواڵە لە ژێر چاودێری سیستەمێکی ناوەندیدا.
٢. یەکخستنی سیستەمی حەواڵەی نافەرمی لە چوارچێوەیەکی فەرمی ڕێکخراوەیی و یاساییدا.
٣. دەرکردنی یاسایەکی دیاریکراو بۆ کارەکانی حەواڵە و دابینکردنی مۆڵەتی فەرمی بۆ دامەزراوەکان.
٤. بەهێزکردنی چاودێری ئەمنی و باشترکردنی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**٢. پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و کارکردن:**

١. پێشخستنی گۆڕینی دیجیتاڵی بۆ باشترکردنی شەفافیەت و کارایی.
٢. بەکارهێنانی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئەلیکترۆنی (E-KYC) بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی مامەڵەکردن.
٣. دروستکردنی پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی و ئەپڵیکەیشنی ئاسان بۆ بەکارهێنان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکان.

**٣. باشترکردنی دارایی و خزمەتگوزاری:**

١. ڕێکخستنی پرۆسەکان و کەمکردنەوەی کرێی گواستنەوە بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی بەکاربەران.
٢. فراوانکردنی تۆڕی لقەکان بۆ ئەوەی ناوچە دوورەکان بگرێتەوە.
٣. هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەکانی حەواڵە بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە یاساکان.
٤. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نوێ و باشتر بۆ باشترکردنی ئەزموونی کڕیار.

**٤. بنیادنانی توانا و هۆشیاری:**

١. دامەزراندن و ڕاهێنانی ستافی پیشەیی بۆ کارکردن لە پرۆسەی حەواڵەکردن.
٢. هۆشیاری گشتی سەبارەت بە بەکارهێنانی حەواڵە و سوودەکانی هەروەها شێوازی بەکارهێنانی.
٣. دروستکردنی داتابەیسێکی نیشتمانی و باشترکردنی بەڕێوەبردنی داتا.
٤. حوکمڕانی و بەڕێوەبردن: دڵنیابوون لەوەی کە حوکمڕانی و بەڕێوەبردن کە سەرپەرشتی حەواڵە دەکات لەڕووی سیاسییەوە بێلایەن، شەفاف و لە بەرژەوەندی گشتیدایە.
٥. هاندانی گفتوگۆ و هاوکاری لەگەڵ ناوەندەکان و بانکە فەرمییەکان بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی دراو و کەمکردنەوەی مەترسییە ئابوورییەکان.

ئەم پێشنیارانە ئامانجیان بەرزکردنەوەی ڕێکخستن، ئاسایش، کارایی و دەستڕاگەیشتنە، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی مەترسییەکان و بەرزکردنەوەی متمانە بە سیستەمی حەواڵە.

## پێشنیاری کورتخایەن

١. ئاسانکردنی ڕێکارەکانی بانکی بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری حەواڵە.
٢. کەمکردنەوەی کرێ و باشترکردنی کارایی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان.
٣. بەرزکردنەوەی هاوکاری نێوان بانکەکان و دامەزراوەکانی حەواڵە.
٤. زیادکردنی هۆشیاری و متمانە بە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەنێو بەکارهێنەران.

## پێشنیاری کاریگەر بۆ ماوەی مامناوەند

١. ئاسانکردنی ڕێکارەکانی بانکی بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری حەواڵە.
٢. کەمکردنەوەی کرێ و باشترکردنی کارایی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان.
٣. بەرزکردنەوەی هاوکاری نێوان بانکەکان و دامەزراوەکانی حەواڵە.
٤. زیادکردنی هۆشیاری و متمانە بە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەنێو بەکارهێنەران.

## پێشنیاری درێژخایەن

١. ڕێکخستنی سیستەمی حەواڵە بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی لەسەر بنەمای چاودێری ئاگادارانە و بێلایەنی سیاسی.
٢. بەکارهێنانی بەردەوامی بەڵگەنامە، وەک میکانیزمی گونجاو بۆ پارێزگاری لە پاڵپشتییە داراییەکان و کەمکردنەوەی مەترسییە ئابوورییەکان.
٣. بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ حکومەت (بانکی ناوەندی و وەزارەتی دارایی)، دامەزراوەکانی حەواڵە و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی.
٤. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە تەواوی بۆ بەرزکردنەوەی شەفافیەت و کارایی و ئەدای گشتی مامەڵە داراییەکان.

لە کۆتاییدا، ئەم هەنگاوانە وردە وردە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە سیستەمی حەواڵە بۆ بەکاربەران، بانکەکان و ئابووری ناوخۆیی، لە هەمان کاتدا مەترسییەکان کەم بکەنەوە و چاودێری ڕێکخراوەیی باشتر بکەن.

1. Abdallah, L. A. S., Aziz, T. A., Ali, N. I., Ali,. (2015). The Kurdistan region of Iraq: Assessing the economic and social impact of the Syrian conflict and ISIS. World Bank. https://doi.org/10.1596/978-1-4648-0548-6

2. Abdelzaher, M. A. (2019). A Comparative Study between Informal and Formal Finance: A Literature Review. Accounting and Finance Research, 8(4), 231–239. https://doi.org/10.5430/afr.v8n4p231

3. Abdul, M. K. (2017). Remittance Model: A Study of Developing Country in Bangladesh. In Proceedings of a conference or seminar. https://api.semanticscholar.org/CorpusID:217077666

4. Abdullah, M. H. (2025). The Impact of Money Laundering on the Operations of Banks in Iraq. International Journal of Professional Studies, 19(1), 130–145. https://doi.org/10.37648/ijps.v19i01.016

5. Ahmed, S. Y., Ali, B., & Top, C. (2021). Understanding the impact of trust, perceived risk, and perceived technology on the online shopping intentions: Case study in Kurdistan Region of Iraq. Journal of Contemporary Issues in Business and Government, 27(3), 264–274. https://doi.org/10.47750/CIBG.2021.27.03.264

6. Al Rubaie, S. H. (2024). Role of Central Bank of Iraq in Combating Money Laundering. Rechtsidee, 12(1), 1–10. https://doi.org/10.21070/jihr.v12i1.1021

7. Carsignol, A. (2011). Chapitre II. L'Inde et sa diaspora: Perspective historique d'une relation tourmentée, de 1830 à nos jours. In L'Inde et ses diasporas (pp. 49–78). Graduate Institute Publications. https://doi.org/10.4000/books.iheid.4732

8. Central Bank of Iraq. (2021). Annual report 2020. https://cbi.iq/reports/annual-report-2020.pdf

9. Cook, D. M., & Smith, T. G. (2011). The Battle for Money Transfers: The allure of PayPal and Western Union over Familial remittance networks. In Proceedings of a conference or seminar. https://api.semanticscholar.org/CorpusID:167011504

10. Ecubay, F., & Kilimvi, A. (2023). Implications of Informal Money Transfer Systems on Kenya's Financial Sector. American Journal of Finance, 8(1), 34–47. https://doi.org/10.47672/ajf.1520

11.  El Qorchi, M., Maimbo, S. M., & Wilson, J. F. (2003). Informal Funds Transfer Systems: An Analysis of the Informal Hawala System. International Monetary Fund. Financial Action Task Force (FATF). (2023). International standards on combating money laundering and the financing of terrorism & proliferation.
https://www.fatfgafi.org/publications/fatfrecommendations/documents/fatf-recommendations.html

12. Han, C.-R., & Ireland, R. (2013). Informal Funds Transfer Systems as a Target of Customs Enforcement. World Customs Journal, 7(1), 71–80. https://doi.org/10.55596/001c.92865

13. Hariharan, A. (2012). Hawala's Charm: What Banks Can Learn From Informal Funds Transfer Systems. [No DOI provided]

14. Heshmati, A., & Khayyat, N. T. (2012). Socio-Economic Impacts of Landmines in Southern Kurdistan. In Proceedings of a conference or seminar.
https://api.semanticscholar.org/CorpusID:127075343

15. Maimbo, S. M., & Passas, N. (2004). The Regulation and Supervision of Informal Remittance Systems. Small Enterprise Development, 15(1), 53–61. https://doi.org/10.3362/0957-1329.2004.009

16. Mauri, A. (2000). Informal Finance in Developing Economies. SSRN.
https://doi.org/10.2139/SSRN.667262

17. Passas, N. (2003). Financial Controls of Terrorism and Informal Value Transfer Methods. In T. Biersteker & S. Eckert (Eds.), Countering the Financing of Terrorism (pp. 165–176). Springer.
https://doi.org/10.1007/978-94-007-0985-0_16

18. Pathak, R. (2003). The Obstacles to Regulating the Hawala: A Cultural Norm or a Terrorist Hotbed?Fordham International Law Journal, 27, 2007–2031.
https://api.semanticscholar.org/CorpusID:153852687

19. Romano, D. (2020). Sub-state actors and foreign policy risk-taking: The Kurdistan Regional Government of Iraq. Kurdish Studies, 8(2), 47–70. https://doi.org/10.33182/ks.v8i2.533

20. Sadiq, B. (2020). Internal Security Threats on the Kurdistan Region – Iraq. No. 6.
https://doi.org/10.31271/10040

21. Shah, A. (2007). The International Regulation of Informal Value Transfer Systems. International Criminal Justice Review, 16(2), 123–138. https://doi.org/10.1177/1057567706291737

22. Sharma, D. (2006). Historical Traces of Hundi, Sociocultural Understanding, and Criminal Abuses of Hawala. International Criminal Justice Review, 16(2), 99–121. https://doi.org/10.1177/1057567706291737

23. Shehata, D., Al-Hadeethi, B. T., Ibrahim, Z. B., Al-Lami, B. S., Qader, S. M., Maqdasy, R., Mohammad, A. N., Nabee, V. F., Hassan, A. M., Ibrahim, O. A., & Rashid, A. M. (2021). The COVID-19 Pandemic in the Kurdistan Region of Iraq. HPHR Journal. https://doi.org/10.54111/0001/cc19

24. Sumer, F., & Joseph, J. (2018). The paradox of the Iraqi Kurdish referendum on independence: Contradictions and hopes for economic prosperity. Middle Eastern Studies, 54(4), 610–628. https://doi.org/10.1080/13530194.2018.1430533

25. United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). (2019). Money laundering and hawala systems. https://www.unodc.org/unodc/en/money-laundering.html

26. Varese, F., & Ya, S. (2018). 'Why Should I Trust You With My Money?': Credible Commitments in the Informal Economy in China. British Journal of Criminology. https://doi.org/10.1093/BJC/AZY061

27. World Bank. (2020). Financial inclusion in Iraq and the role of informal finance. World Bank Publications. https://documents.worldbank.org/financial-inclusion-iraq

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، رۆژنامەوان و رۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە رێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار، بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیاردانەدا بەمەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq